«سەنتەری هەواڵ»ی
رۆژنامەنووسانی ئازاد

Free Journalists Press Center Free.FJPC@gmail.com المركز الإخباري للصحفيين الأحرار




هەرێمی کوردستان

## گومانی ئەوە دەکرێت رفێندراوەکانی کامپی ئەشرەف رادەستی کۆماری ئیسلامی بکرێن

### «کاتی ئەوە هاتووە هەموو لایەک داکۆکی لەو پەنابەرانە بکەن»

**سەبارەت بە هێرشکردنە سەر کەمپی ئەشرەف، وتەبێژێک بە ناوی حیزبی رزگاریی کوردستان رایگەیاند:**

مەخابن لە رۆژانی رابردوودا هێرش کرایە سەر کەمپی ئەشرەف و پەنابەرانی ئەو کەمپە بە شێوەیەکی درندانە کوژران و بریندار کران، تەنانەت ئەوانەی بەدیلیش گیران بەرەو شوێنی نادیار رفێندران، بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەو رفێندراوانە کە ژمارەیان ٧ کەسە گیانیان لە مەترسی دایە، بۆیە ئێمە لە حیزبی رزگاریی کوردستان زۆر بە توندی هێرشکردنە سەر کەمپی ئەشرەف کە سەد پەنابەری ئێرانی تێیدا جێوار کراون ریسوا و مەحکوم دەکەین، چون هێزە چەکدارەکانی عێراق دوور لە هەر رێسایەکی نێودەوڵەتی، پەنابەرانیان کوشتوبڕ کردووە. چەند کەس لەو پەنابەرانە رفێندراون و گومانی ئەوە دەکرێت کە رادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێنەوە.

لە پێوەند بە پەنابەرانی کەمپی ئەشرەف و سەرجەم پەنابەرانی دیکە، حیزبی رزگاریی کوردستان بە ئەرکی حکومەتی عێراق و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەزانێ کە پارێزگاری لە گیانی پەنابەران بکەن، گیانیان بپارێزن و ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ دابین بکەن. بەڵام مەخابن لە ساڵانی رابردوودا بەردەوام گوێبستی هەواڵی هێرشکردنە سەر کەمپی ئەشرەف و کوشتنی پەنابەران بووین، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو لایەک داکۆکی لەو پەنابەرانە بکەن کە بەناچارییەوە روویان لە عێراق کردووە و تێیدا نیشتەجێ بوونە، هەروەها داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە رێچارەیەک بۆ پەنابەران بدۆزنەوە و بۆ وڵاتانی ئەوروپا بیانگوازنەوە، چونکە لە عێراق هەڕەشەی مەرگیان لەسەرە و نامەردانە هێرشیان دەکرێتە سەر، کوشتوبڕ دەکرێن، دەرفێندرێن و بێسەرشوێن دەکرێن.

ر.پ

---

تێبینی:

- بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە بۆ هەمووان «ئازاد»ە